# ئیستای کوردستان، کێشمە کێشی چینایەتی و ئەگەری ڕاپەڕینی جەماوەری

موئەیەد ئەحمەد

## دەسەڵاتداری ناسیونالیزم لە کوردستاندا

ئیستا خەڵکی کوردستانی عیراق لە قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراو و کۆنکریتدا دەژین کە ئەتوانین بڵیین لە باری سیاسیەوە مۆرکی ٢٩ساڵی کاریگەریە کارەساتبارەکانی دەسەڵاتی هیز و حزبەکانی ناسیونالیزمی کوردی پێوەیە.

دیارە هێزە سەرەکیەکانی ئەم بزوتنەوە ناسیونالیستیە بورژوازیە بریتین لە هەردوو حزبی چەکداری میلیشیایی؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان (یەکیەتی)، کە بە دریژایی ئەو ماوەیە کۆمەڵگەی کوردستانیان وەک ئیمارەتێکی داگیرکراو خستۆتە ژیر چەپۆک و دەسەڵاتی خۆیانەوە. وە ئەمەش بەحوکمی مۆنۆپۆڵی چەک و سەرکوت و کۆنترۆڵی سەروەت و سامانی وڵات و زاڵی خۆشخەیاڵی ناسیونالیستی و «ڕزگاری نیشتمانی» لەناو جەماوەردا، و خۆگریدانەوەی ئەم حزبانە بە ستراتیژی ئەمریکا و ئەم وڵات و ئەو وڵاتی دەوروبەر وساتوسەودا لەگەڵیاندا...هتد.

لە ساڵی ٢٠٠٩ بە دواشەوە «بزوتنەوەی گۆڕان» وەک ڕەوتیکی سیاسی حزبی ناسیۆنالیستی و باڵێکی جیابووەوە لە یەکیەتی بووە بە یەکێک لە یاریکەرەکانی گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستاندا. سەرۆکی پێشووی ئەم حزبە، نەوشیروان موستەفا، کە مێژوویەکی دوورودرێژی هەبوو لە پێداگری لە «مۆنۆپۆڵی چەک بە دەست یەکیتییەوە لە کوردستان» و بەرگریکردن لێی، لەپڕ بە خۆی و حزبەکەیەوە بوون بە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی قەومی-پەرلەمانی نا میلیشیای لە ٢٠٠٩وە.

ئیستاش هەر لە هەناوی ئەم هەلومەرجەدا کە قەیرانی حزبە سەرەکیەکانی ناسیونالیزم لە لوتکەدایە و «گۆڕان» لە تین کەوتووە و کارەساتێکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان هاتۆتەپێش، بەشێک لە ناسیونال-لیبراڵە بورژواکانی پێگەیشتووی ناو خودی هەمان سیستەمی گەندەڵی و تاڵانچیەتی بە ناوی «نەوەی نوێ»وە قوتبوونەتەوە بۆ گیانی کریکاران و هەژارن و بەش مەینەتانی کوردستان. ئەم حزبە سیاسیە پەرلەمانیە بە سەرۆکێکی سەرمایەدارەوە (شاسوارعبدولواحد) و دەزگایەکی زەبەلاحی میدیایی، هاتۆتە ناو گۆرەپانی سیاسی و ئەیەوێت بە سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابووری، گوایا گەشە بە سەرمایەداری بدا لە کوردستاندا، وەک ئەوەی تا ئێستا وا نەبوبێت، وە ڕا و بۆچوونە تا سەر ئێسک دژە سوشیالیزمیەکانی نیولیبرلیزمەکەی بکاتە بەرنامەی نارەزایەتیەکانی خەڵک و فریوکارانە وەک چارەسەری بیکاری و هەژاری و نەهامەتیەکانیان نیشانیان بدا.

حزبە ئیسلامیەکانی کوردستانیش، کە بە درێژایی ئەم ٢٩ ساڵە بەشداری کوشتن و برین بوون و زۆربەیان بە هێزی میلیشیای چەکدارەوە سیاسەتیان کردووە و چەند لە توانایاندا بووبێت درێغیان نەکردووە لە ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی، هەمیشە بارێکی گەورە و گران و هەڕەشەیەکی ترسناک بوون بە سەر ئەم کۆمەڵگەیەوە. ئەم حزبانەی ئیسلامی سیاسی و پاش چەند شەڕ و پێک دادانێک لەگەڵ حزبە میلیشیەکانی ناسیونالیزم لە پرۆسەیەکدا بوون بە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی وهاوبەشی دەسەڵاتداریەتی میلیشایی ئەم حزبە ناسیونالیستانە.

ڕۆڵی ئوبژیکتیڤانەی حزبەکانی ئیسلامیی سیاسی لە ئیستادا و لە پەیوەند بە ڕژێمی سیاسی بورژوا ناسیونالیستی کوردستان تەواوکاری ئەم ڕژێمەیە. ئیسلامیزم ئەوئەرکە ئەنجام ئەدا کە ناسیونالیستەکان بە حوکمی پێناسە و ئاسۆی ناسیونالیستی نیمچە سیکولاریان باش ناتوانن ئەنجامی بدەن، ئەویش بڵاوکردنەوەی خۆشباوەڕی ئاینیە لەناو کریکاران و هەژاران و چەوساوەکاندا. دەسەڵاتدارانی کوردستان هەمیشە پێویستیان بەوە بووە کە خۆشخەیاڵی هەردوو ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و ناسیونالیستی چابووکانە پەرەپێبدەن لەناو چینی نەداری کوردستان تا دووریان بخاتەوە لە گۆرینی شۆرشگێرانەی کۆمەڵگە و ژیانیان. لە سایەی بارودۆخی زاڵی ئاسۆی سیاسی ناسیونالیستی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا، حزبەکانی ئیسلامی سیاسی بە کردەوە هاوبەشی ڕژێمن، واتە هاوبەشی دەسەڵاتداری ناسیونالیستی کوردیین.

## ئاکامەکانی قۆناغی ڕێگوزەر

بۆ دیاریکردنی ڕەوەندی بناغەیی تر کە لە پشتی ئەم ڕژێمە سیاسیە ناسیونالیستیە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیەتی لە هەموو ئەو ماوەیەی ڕابردوودا، ئەبی بگەڕێینەوە بۆ ناو کۆمەڵگای کوردستان و دابەش بوونی چینایتی و مێژووی ڕانەوەستاوی کێشمەکێشی چینەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە. هەر بەم پێیەش ئەبێ پەیوەندی چینەکان و هاوسەنگی هێزی نێوانیان هەڵسەنگێنین لە بارودۆخی سیاسی دیاریکراوی ئەمرۆدا.

ئەم بارۆدۆخەی ئێستای کوردستان لەباری سیاسیەوە بریتیە لە گەشە وکامڵبونی ناکۆکیەکانی حاکمیەتی بۆرژوا ناسیونالیزمی کورد و بۆ خۆی «کۆیەکی کۆنکریتی» دیاریکراوە و لوتکەی مێژوویکی ٢٩ ساڵەی ئەم ڕژێم و حوکمڕانیەیە. هەر بۆیە شۆڕبوونەوە و پەیبردن بە پێکهاتەکانی و ناکۆکیەکانی و یاساکانی جوڵەی ئەمڕۆی، کلیلی ناسینی داهاتووشیەتی. بەڵام پێش ئەمانە، کە دواتر دێمە سەریان، گرنگە لێرەدا ئاماژە بە قۆناغێکی ڕێگوزەر (ئینتیقالی) بدەم کە لە ئازاری ١٩٩١ وە دەسپێدەکات و یەک دووساڵێک ئەخایەنی. لەم دەوریەدا هێشتا دەسەڵاتەی ناسیونالیزم و حزبەکانی بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا بە تەواوی یەکلا نەبوەتەوە و کێشمەکێش بەردەوامە و ئەتوانم بڵێم مۆرکی ئەم قۆناغە بە حاکمیەتی ناسیونالیزمەوە دیارە و بە ئێستاشیەوە.

هەڵچوونی سیاسی خەڵکی کوردستان لە ئازاری ١٩٩١ و لە جەرگەیدا سەرهەڵدان و چالاک بوونی ئاشکراو و کۆمەڵایەتیانەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوەکانیان و شورا کرێکاریەکان و شورا جەماوەریەکان بووە هۆی ئەوەی کە ڕووبەڕوبونەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو بێتە ئاراوە لە کوردستاندا. ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە لە واقعدا کێشمەکێشی دوو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بوو، کە لە لایەک شوراکان و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان و چالاکەوانی یەکسانی و ئازادی بوو، و بە هەمووی وەک جەمسەری هێزی کۆمۆنیزم لە کۆمەڵگەدا خۆی دەنواند، و لە لایەکی ترەوە ناسیۆنالیزمی کورد بوو بە خۆی و حزب و هێزە چەکدارەکانی. هەر بۆیە لەم دەورەیەدا دوو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی؛ ناسیونالیزم و کۆمۆنیزم لە کێشمە کێشدا بوون لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان کە بۆ ماوەیەکی یەک دوو ساڵە بەردەوام بوو وە مۆرکی خۆیدا لە تەواوی قۆناغی تازەی کۆمەڵگا و پەیوەندی چینەکان و تەرازووی هێزی نیوانیان.

ئەم کیشمە کێشە کاریگەری لە زۆر بواردا دانا و پێوسیتی بە لێکۆڵینەوە و باسی هەمەلایەنە هەیە بەڵام ئەوەی کە لێرەدا زیاتر ئەمەوێت جەختی لەسەر بکەم، کاریگەری ئەم کێشمە کێشە چینایتیە و ئەم قۆناغە ڕێگۆزاریە لەسەر خەسڵەتە بناغەیی و چینایەتیەکانی حاکمیەتی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستاندا.

ناسیونالیزم هەر لە سەرتاوە وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆرژوازی نەک هەر خەسڵەتی بورژوازیانەی خۆی و بەرگری کردنی لە بەرژوەندیەکانی سەرمایە و سەرمایداری بەرجەستە کردۆتەوە بەڵکو لە جەنگیکی دڕندانەدا دۆژمنکاری بێ ئەملاوئەولای خۆی پیادە کردووە لە بەرامبەر پڕۆلیتاریای کوردستان و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و خەباتی ڕۆژانەی کریکاران و زەحمەتکیشاندا. هەر زوو نەزیر عومەر و بەکر عەلی تیرۆر کرد و پێشترێش هێرشی بردە سەر شوراکان و مەقەرەکانی «ڕەوتی کۆمۆنیست» و کەوتە دوژمنکاری و پیلانگیڕی بەرامبەر یەکیەتی بێکاران و دواتریش کۆنترۆڵی نەقابە کریکاریەکانی کرد و ڕێگەی لە دروستکردنی سەندیکای سەربەخۆ گرت ...هتد. ئەمە جگە لەوەی کە بە بێ هیچ سڵکردنەوەیەک هەزارانیان لە ڕۆڵەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و نەداری کۆمەڵگای کوردستان ڕەوانەی جەنگەکانی ناوخۆیی خۆیان کرد و دایانن بە کوشت لە پیناوی ئەوەی ئەم یا ئەو هێزی میلیشیایی کۆنترۆڵی کوردستان بکات.

گەر لە ئیستادا و پاش ٢٩ ساڵ سەیرێکی میدیا و گوتاری سیاسی و ئایدیۆلۆژیای زاڵی ناسیونالیزمی کورد بکەین ئەبینیین کە نیشانەکانی ئەم قۆناغە ڕێگوزەرەی هێشتا لە خۆدا هەڵگرتووە، و لە سەر بنەمای بەرژوندە چینایەتیەکانی بۆرژوازی کوردستان لە ئەمرۆدا و لە درێژەی دۆژمنکارییدا بەرامبەر چینی کریکار بەرهەمیان ئەهینێتەوە. میدیا و گفتوگۆ و گوتاری سیاسی زاڵی ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا یا باسی ئەم قۆناغە ڕێگوزەرە ناکات و قڕوقەپی لێ ئەکات یا لە ڕوانگەی سیاسی چینایتی بورژوازیانەی خۆیانەوە ئەیشێوێنن.

کەم میدیا و گوتاری سیاسی وڵاتانی جیهان هەیە، ئەوەندەی میدیا و گوتاری بۆرژا ناسیۆنالیزمی کورد بژارکرابێت لە بەکارهینانی هەر دەربڕینێک و هەر ووشەیێک و کۆنسێپتێک کە باس لە سوشیالیزم و کۆمۆنیزم و ڕۆڵی ئازادیخوازانەی چینی کرێکار بکات، و باس لە بەها ئازادیخواز و یەکسانیخوازیەکانی بزوتنەوەی ئەم چینە و پرۆلیتاریای سۆشیالیست بکات. یا ڕونتر بڵێم، کەم دەسەڵاتداریەتی و ڕەوتە سیاسیەکانی بورژاوزی هەن ئەوەندەی ئەمان توانیبێتیان جینۆسایدی کەلتوری ڕۆشنبیری سۆشیالیستیان کردبیت لە کۆمەڵگەدا. ئەم دژە سۆشیالیزم بوونە تراديسیۆنی بە ناو «خۆماڵی» کوردی نیە ئەمە جەنگی هوشیارانەی بۆرژاوزی جیهانی و تایبەتمەندی بورژوا ناسێونالیزمی کوردە بە دژی چینی کریکار و نەداران و بەشێکە لە پیداویستە سیاسی و فکریەکانی ئەم چینە سەروەرەی کوردستان و دەسەڵاتە سیاسیەکەی و بەبێ ئەمە کاری ناڕوات.

نەک هەر کریکاران وەک چینێکی کۆمەڵایەتی و خاوەنی ئەڵتەرنەتیڤێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی باس ناکرێت و بە دابڕاو لە کارەکتەرە ئینترناسیونالیست و جیهانیەکەی وێنا ئەکرێت لە ئاوهەوای سیاسی و فیکری زاڵی ناو کوردستاندا، بەڵکو حاشا لە هەبوونیشی ئەکرێت. لە باشترین حاڵەتدا وەک تۆێژێک کە مووچەی ئەبڕدرێت و کاری نیە و ناڕازیە نیشان ئەدرێ و وێنا ئەکرێت. لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستەکانی کوردستانەوە چینی کریکار ئەتوانی تەنها و تەنها بە ناوی نەتەوە و ئیسلام و فرۆشیاری ئازادی کاڵاکەیەوە، کە

## قەیرانی ڕژێمی سیاسی ناسیونالیزم و ڕەخنەی سۆشیالیستی

ئەمرۆ ئەم ڕژێمە لە قەیرانێکی توندوتیژی سیاسی دایە و تەنانەت خەریکە وەک قەوارەیەکی سیاسی ئەبێ بە دوو ئیدارە یا ڕوونتر بڵێم دوو ئیمارەت، و لە ژێر سایەی ئەم حوکمرانیەدا زۆربەی زۆری جەماوەر لەوپەڕی فەلاکەتی ئابووریدایە و بە هیلاک چووە. هەروەها تەوژمی ئەم قەیرانە کۆمەڵایەتیە و پەرەسەندنی ناکۆکیەکانی ناو خودی ئەم ڕژێمە سیاسیە خانوادەیی و میلیشیایە لەوە زیاترە کە بتوانرێ بە ئاسانی و تەنها بە سەرکوت ڕابگیریت. بە کورتی، وهەر وەک لینین ئەڵی «دەسەڵاتداران ناتوانن وەک جاران حوکم بکەن» و خەڵکی هەژار و ناڕازیش «نایەنەوێت وەک جاران بژین». ئەمە بۆ خۆی لایەنەکانی باردۆخیکی شورشگیرانە نیشان ئەدەن و لەگەڵ هەر پلەیەکی بەر چاو لە پەرەسەندنی ئامادەیە سیاسی و ڕێکخراوییەکانی چینی کریکار و نەداران ئەیگۆڕیت بۆ قەیرانیکی شۆڕشگیرانە و هەنگاونان بەرەو ئەنجامدانی شۆرش و ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی.

لەم هەلومەرجەی ئیستای کوردستاندا، نە هاواری «نیشتمان» و«نیشتمان پەروەری» بۆرژوا ناسیونالیستی کورد و ئینتلیجنسیاکەی ئەتوانی گۆێبیستی ئەوتۆی هەبێ لەناو ڕیزی هەژاران و نەداراندا، و نە خەڵکگەرایی ناسیونالسیتی ووردە بورژوازی کاریگەری ئەوتوی ئەبێت لەسەریان. ئاشکرایە قەتیس بوونی کریکاران و زەحمەتکێشانیش لە چوارچیوەی نارەزایەتی دەربڕین لەبەرامبەر گەندەڵی و دەسەڵاتداریەتی میلیشیایی و مووچەبڕین کاریان مەیسەر ناکات و ئاکسیۆنی پەرژوبڵاویشیان ناتوانێ کاریگەر بێت لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا.

هەر بۆیە ئەمرۆ لە هەرکات زیاتر زەرورەتی چارەسەری کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵ بە شیوازی شۆرشگیرانە و دەرچوونی شۆڕشگێرانە لەم بارودۆخەی ئیستا هاتۆتە پێشەوەی ڕەوەندە سیاسی و کۆمەڵیەتیەکان. بەڵام ئەم ڕێگە دەرچونە شۆرسگیرانەیە لە خۆیەوە هەڵناقوڵی و گرێیخواردووە بە مەودای پەرەسەندنی کێشمەکێشی سیاسی چینایەتی و ئاکامی شەڕی ئەڵتەرنەتیڤی بۆرژوازی و کریکار؛ شۆشیالیزم و کەپیتالیزم لە کوردستاندا.

هەرچەندە دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیزمی کورد کەوتۆتە ناکۆکیەکی بێچارەسەر لەگەڵ زۆربەی جەماوەر و لەگەڵ کۆمەڵگەدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئامادەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی و فیکری چینی کریکار و تۆیژەکانی دەوری ئەم چینە لاوازە. دیارە ئەمانە هەمووی ئەتوانرێ بە شیوەی چۆنایەتی (نوعی) و خێرا بگۆڕێت لە بارودۆخی قەیرانی شۆڕشگیرانەدا. هەنگاوی یەکەم لە هەموو ئەم ڕەوەندەدا ئەوەیە کە ڕەخنە لە «دەسەلاتی کوردی» لە ڕوانگەی چینایەتی کرێکارەوە بەرجەستە بکرێتەوە. ڕەخنەی چینایەتی کرێکار ڕەخنەیە لە ڕژێم و دەسەڵاتی سەرمایە، دەسەڵاتی بورژوازی کورد، نەک بەتەنها ڕەخنە گرتن لە گەندەڵکاران و میلیشیاکان و دەسەڵاتی بنەماڵەکان. ڕەخنەی مۆڕاڵی دەردی کریکاران و چەوساوەکان و بێبەشان دەرمان ناکات، ئەوان بۆ خۆیان ڕەخنەی کۆمەڵایتی و چینایەتی بە کردەوەن لە سیستمی سەرمایەداری، و تەنها لە رێگەی بە هیز کردنی ڕەخنەی سوشیالیستیان لەم سیستمە و نوینەرە سیاسیەکانی لەوانە ناسیۆنالیزم و ڕژێمە سیاسیەکەی لە کوردستاندا ئەتوانن ڕابەری سیاسی شۆڕش و گۆرانکاری شۆرشگێڕانەی کۆمەڵگە بن.

ناوەڕۆکی چینایەتی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد بۆرژوازیە و دەسەڵاتی سیاسی سەرمایە و سەرمایەداریە وئامرازی سەرکوتی دەستی ئەم چینەیە بە دژی چینی کریکار وزەحمەتکێشان، ئەمە ئەو فاکتەیە کە بەبێ ڕەچاوکردنی و بەبێ ڕەخنەی سۆشیالیستی لێی، چینی کرێکار و نەداری کوردستان ناتوانێ دەوری مێژووی خۆی بگێڕی لە بارودۆخی شۆرشگیرانەی ئەمرۆدا.

ئەوە ڕاستە کە دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالی کوردستان گەندەڵ و بێباکن لە بەرامبەر داوکاریەکانی جەماوەردا، بەڵام لە سەرمایەداریدا بە گشتی گەشەی ئابوری کۆمەڵگە بەم شیوەیە ئەڕواتە پێشەوە و تاکە جیاوازی ئەوەیە لەگەڵ وڵاتانی تردا، گەر بەرواوردەکەمان لەم بورەدا بیت، کە گەندەڵی تا ئاستێکی خنکێنەر بەربڵاوە لە کوردستاندا و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوان و لەوانە بەشیک لە سەرمایە بچوک و ناوەنجیەکانیشی بەجارێ هەرسان کردووە. دەسەڵاتی میلیشیایی و بنەماڵەیی کە هەناسەی لە کۆمەڵگە بڕیوە لە واقعدا شتێک نیە جگە لە فۆرمی سیاسی دیاریکراوی سەرمایە و سەرمایەداری لە کوردستاندا هەر بۆیە جیاکردنەوەی فۆرم و ناوەڕۆک لە یەکتر و پێوانەیان بە دوو ئەندازەی جیاواز هەڵەیەکی کوشندەیە بۆ پرۆلیتاریا.

## بۆرژوازی دەسەڵاتدار و سەرمایەی کۆمەڵایەتی

دیارە، دەسەڵاتی ئیستای کوردی بەزەقی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەیە، کە ئەمەی دووهەم بۆ خۆشی ئەلقەیەکە لە ئەڵقەکانی سەرمایەی جیهانی، و ئەم دەسەڵاتە بەگشتی سەروەری سیاسی چینیکی کۆمەڵایەتی نمایش ئەکات کە بورژوازی کوردستانە. وەک هەر کۆمەڵگەیەکی کاپیتالیستی پەیوەندی سەرمایە و ژێرخانی ئابووری سەرمایەداری بناغە و پایەی ئەم ڕژێمە سیاسیە ناسیونالیستیەی کوردستانیشە و لێرەوە هێز وەرئەگری و ئەمیش بەڕۆڵی

هیزی کاریەتی، هەبوونی کۆمەڵایەتی هەبێت و هیچی تر. واتە کۆنسێپتی هیزی چینایتی سۆشیالیزم بە بەردەوام ئەسڕێتەوە لە زەینی کۆمەڵگەدا تا پڕ بکریتەوە بە ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیزم و ئیسلامیزم و لیبرالیزم، و ئەمەش هەر ئەزمونی بورژوازی جیهانی نیە کە هیزە سیاسیەکانی بورژوازی «خۆماڵی» لاساییان بکەنەوە بەڵکو ئەزمونی هەمان ئەم هیزە سیاسیانە خۆشیانە و بە تایبەتی ناسیۆنالیزمی کورد کە لە شەڕدا بووە وبەردەوامیشە لەم شەڕە لە بەرامبەر چینی کریکار و سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکانی کومەڵگای کوردستان.

خۆی ئەکەوێتەوە خزمەتی.
هەر لەم ڕاستایەدا ئەبینین کە توێژیکی دیاری کراو لە سەرمایەدارانی ملیاردێر وملیۆنێری ناو ڕژێمەکە و دەرەوی ڕژێمەکە هەمیشە کاریان لە برەودایە و ئەمانە خەریکی وەگەڕخستن و کەڵەکەی سەرمایەن لە هەموو کەرتە پیشەسازی و خزمەتگوزاری و بازرگانی ومالیەکان و پرۆژە جوراوجۆرە ئابووریەکاندا. هەموو ئەم سەرمایە گوزاریانە لە ژێر سایەی ئەم ڕژیمەدا بە توندی گرێدراونەتەوە بە گەندەڵی و قۆرغ کردنەوە و کەڵەکەی سەرمایە بە قەبارەیەکی هێجگار گەورە زیاد ئەکات.
بۆ سەرمایەی «نەتەوەیی» کورد واتە «سەرمایەی کۆمەڵایەتی» ئەوە گرنگ نیە دەسەلات بنەماڵەیی بێت یا پەرلەمانی بەو ئەندازەیی کە سەرمایە کاری بڕوات. فۆڕمی سیاسی ڕژێمی لە سەر کاربوی ئیستا و میلیشیایی بونی ئەم ڕژێمە و گەندەڵی و دوو ئیدارەیی و نەبوونی بنەماکانی دەوڵتی ئاسایی بورژوازی، لە گەڵ ئەوەشدا نەگونجاوە لەگەڵ پیداویستە ئابوری و یاسایی و ئیداریەکانی سەرمایەی نەتەوەیی، بەڵام لەباری سیاسیەوە نەک کێشە نیە بۆی بەڵکو زەرورەتێکە بۆ سەرکوتی چینی کریکار و پەرژوبڵاوەپێکردنی ڕیزی خەباتی لە ئیستادا.
هەروەها ئەوە ڕاستیەکی بەرچاوە کە میژووی سیاسی ئەم ڕژێم و دەسەڵاتەی کوردستان جیابووە نیە لە گەشەی ئەم سەرمایەداریەی کە ئیستا هەیە و بەم شیوە کۆنکریتەی. قسەکردن لەسەر خراپی و باشی ئەم ڕژێمە سیاسیە میلیشیاییە لە پەیوەند بە بەرژەوەندیەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتیەوە لە کوردستاندا جیاکردنەوەی زۆرەملییانەی سیاسەت و سەرمایە و سەرمایەداری ئەم کۆمەڵگەیەیە لە مێژوی کونکریتی خۆیدا و لە دوا شیکردنەوەدا ڕۆمانسیزمی ناسیۆنالیزمی ووردە بورژوا و ڕۆشنبیرانیەتی.
ئەوەی لە کوردستاندا ئەگوزەرێ لە ڕووی سیاسەوە و بەم دەسەڵاتە گەندەڵ و میلیشیایی و بنەماڵەیەوە ئەوە میژووی خودی ناسیونالیزمی کورد و ڕۆڵ و نەخشیەتی لە پەیوەند بە گەشەی سەرمایە و سەرمایەداریەوە و بەشیکی ئۆرگانیک و سوپەر سترەکچەری سیاسی سەرمایەیە.
لە سەرمایەداریدا ئەوە گرنگ نیە کە سەرتا سەرمایە لە کوێوە هاتووە و چەند تاڵانیە و بە چ میکانیزمێک کۆبۆتەوە. ئەوە گرنگە کە کاری کۆمەڵایەتی مۆنۆپڵکراوە و لە فۆرمی سەرمایەدا و لە جوڵەکەیدا گەورەتر و گەورەتر ئەبێت. هەر وەک هەموو کۆمەڵگەیەکی تری هاوچەرخ گەشەی ئابووری سەرمایەداری لە کوردستانیشدا بەوە ئەپێورێ کە چەند سەرمایە کەڵەکە بووە. ئەی ئەوە نەبوو جلال تالەبانی کاتی خۆی پەرەسەندنی ئابووری کوردستانی بە ژمارەی ملیۆنێرەکانی کوردستان ئەپێوا. ئەوە قسەی سەرزارەکی نەبوو بەڵکو ئەوە لۆژیکی سەرمایە و نوێنەرەکانیەتی و گەشەی ئابووری بە قەبارەی کەڵەکەی سەرمایە و ڕیژەی قازانج ئەپێورێ نەک چەند جەماوەر لە خۆشگوزرانیدا ئەژی یا ناژی.
مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیش لە هەر کات زیاتر بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی سەرمایەی گەورە ئەڕواتە پێشەوە و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عیراقدا بوەتە مەسەلەی پێداوێستیەکانی ئەم بەشە لە سەرمایەی نەتەوەیی کورد و بەندوبەستەکانی بە بورژوازی جیهانی و ناوچەییەوە.
سەیری ڕیزی هەموو ئەو ملیاردێر وملیۆنێرانەی کە لەناو یەکیتیدا دروست بوون و ئیستا لە ناو پارتیدان یا بەڕێوەن کە لەگەڵ پارتیدا بسازێن، ئەمە لۆژیکی زەمینی و جیهانی و بەرژەوەندی سەرمایەی لە پشتەوە وەستاوە. ناسیونالیزم و پارتیزانی ناسیونالیستی سنوورەکانی خۆی لەسەر زەمینەی بەرژەوەندەکانی سەرمایە ئەبەزینێ. ناسیونالیزمی کوردی و «نیشتمان پەروەری» ناسیونالیزم لە کۆتایی ئەم ٢٩ ساڵەدا بە جارێ پەردەی لەسەر خۆی هەڵماڵیوە و ڕێکوڕەوان بەرژەوەندیەکانی سەرمایەی گەورە و هەر بەو پێەش سەرمایەی کۆمەڵایەتی نوینەرایەتی ئەکات.
لەگەڵ ئەم واقعیەتەشدا کەچی هەوڵ و تەقەلا فریوکارەکانی بورژوازی ناوەنجی و پرتەوبۆڵەی توێژە وردە بورژوازیەکان وڕۆشنبیرانیان نابڕێتەوە و ئەیانەوێت جارێکی تر خەڵکی کریکار و زەحمەکێش بە سۆزی نیشتمانی و مۆراڵی نا مەعقولی تاڵان چێتی و گەندڵی مەشغوڵ بکەن، و جارێکی تر بە ناسیونالیزمی خەڵکگەرا سەرمان لێ تێک بدەن. هەر بەم پێیەش دورمانبخەنەوە لە کێشەی ئەسڵی کە سەروەری چینی بوارژوازی کورد و ڕژێمەکەیەتی بەسەر کۆمەڵگەوە کە سەرچاوەی مەینەتیەکانە و گەندەڵی و میلیشیا و دەسەڵاتی بنەماڵەش بەشی دانەپچراویەتی، هەروەها بێ نان و ئاوی جەماوەری کوردستانیش هەر لیرەوەیە.
ڕزگاربوون لە بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان و خەبات بۆ هێنانەدی ئەم ئاڵۆگۆریە ئەوە دەخوازی کە ڕاستیە چینایەتەکانی کۆمەڵگا و کیشمەکێشەکانی چۆنن ئاوا بخرێنەڕوو و خەڵکی چەوساوە و نەداری کۆمەڵگە بەرچاویان ڕوون بێت کە لە کوێی ئەم کیشمەکێشدان و لە خەباتی سیاسیاندا گورزەکانیان بۆ کوێ بوەشێنن. جەنگی چینایەتی کوردستان بە ناچاری مۆرکی خۆی داوە و ئەیدات لەم بارودۆخە سیاسیەی کە ئیستا پێدا تێئەپەڕێ.

## ڕاپەرین لە کوردستاندا، ئاسۆ و چەلێنجەکان

ئەمڕۆ نارەزایەتی و بێزاری لەوپەڕیدایە لە کوردستاندا و ئەگەری تەقینەوەی جەماری و سەرهەڵدانی ڕاپەرینێکی گشتگیر هەیە لە چەشنی ئەوەی کە لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدایە، بەڵام ئەم ئەگەرە چەند ئەبی بە واقیع پەیوەستە بە زۆر فاکتۆرەوە و ناتوانری پێش وەخت جەختی لە سەر بکرێت.
ئەوەی کە گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە هەمان ئەو چەلێنج و مەسەلە بناغەیانەی کە ڕووبەڕووی ڕاپەرینی کرێکاران و زەحمەکیشان و لاوانی کچ و کوڕ و قوتابیانی خوار و ناوەراستی عیراق بوەتەوە، ڕووبەڕووی هەمان ئەم چین و توێژانەی کوردستانیش بوەتەوە. بێکاری و هەژاری و داهاتووی نادیاریان تەنگی بە هەردوو لایان هەڵچنیوە، و هەردولا لە بەرامبەر جۆرێک لە ڕژێمن کە هیچ ڕیفۆڕم و چاکسازیەکیان لە باردا نیە. هەردوو جەماوەری عێراق و کوردستان، بە تایبەت لە ساڵێ ٢٠١١ وە، چەندین خۆپیشاندانی گەورەیان کردووە و دەیان و دەیان لە خۆپیشاندەران کوژراون لە کوردستاندا، و لە ناوەڕاست و خوارووی عیراقیشدا هەر تەنها لە ڕاپەرینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ وە، کە هەتا ئیستاش بەردەوامە، سەدان لە کچان و کوڕانی ڕاپەڕیوو خەڵتانی خوێن کراون و بە دەیان هەزاریشیان لێ بریندار بووە و سەدانیشیان لێ گیراوە و فڕینراوە لە لایەن میلیشیاکان و دامودەزگا ئەمنیەکانیانەوە. هەر بۆیە گۆڕانکاری شۆڕشگێرانەی هەردوو ڕژێمی بەغدا و کوردستان بۆتە مەسەلەی سیاسی سەرەکی ڕۆژی هەردوو کۆمەڵگاکە.
ئەڵبەتە هاوسەنگی هێزی چینایەتی ناو کۆمەڵگەی کوردستان و هەر بەوپێیەش هاوسەنگی هێز لە نێوان ڕەوت و هێزەکانی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد لە بەرامبەر جەماوەری کرێکار و زەحمەکێش و نەداری کوردستاندا جیاوازە لەوەی کە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا هەیە و هەروەها ڕەوەندە سیاسیە کۆنکریتەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش کارەکتەری دیاریکراوی خۆی هەیە، بەڵام ئەمانە لەو ڕاستیە ناگۆڕیت کە ئەم دوو ڕژێمە کەوتونەتە ناکۆکیەکی بێ چارەسەرەوە لە بەرامبەر زۆربەی زۆری جەماوەردا. تەوژمی پێداویستی گۆڕانکاری ڕیشەیی و وەلانانی هەردوو ڕژیم لە کوردستان و لە عیراقدا لەوە بەهێز ترە کە بە خۆشخەیاڵی ناسیونالیستی و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و نەتەوەیی بەری پێبگیرێت. هەر ئەمەشە کە وادەکات ڕەوەندی بەرجەستەبونەوەی هاوخەباتی نێونەتەوەیی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هاوئاهەنگی خەباتی لاوانی شۆڕشگێری هەردوو کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان ئەگەرێکی بە هێز بێت و ڕوو لە پێش بێت.

## ئۆپۆزسیونی بورژوازی و ئینتلجنسیای بۆرژوا ناسیونالیستی کورد

کۆنترۆڵی بێ سنوری هەردوو حزبی بنەماڵە و هێزی میلیشیان بە سەر شاخوێنبەری ئابوری کوردستان و فەشەلیان لە «دەوڵەتداری» و دابین کردنی پیداویستیەکانی «دەوڵەتی بورژوازی کوردی» و درێژەدانیان بە دوو ئیدارەیی، بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕیزێکی فراوان لە بورژوازی ناوەنجی و ووردە بورژوازی و ئنتلیجنسیای ناسیونال-لیبرال و بورژوا ڕیفۆڕمیستی سیاسی، ناڕازی بێت و بکەوێتە کێشمەکیشەوە لەگەڵ دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کوردیدا. وە هەر لەم ڕاستایەشدا حزبی ئۆپۆزسیۆنی بورژوا ناسیونالی ناوخۆی ڕژیمەکە پەیدا ببێت لە کوردستاندا.
چینی کریکار و نەداری کوردستان و ڕیزی بەرینی بێکاران و کارمەندان و خاوەن کاری کاتی و کەم دەرامەت و هەژارکراوان کە لە ژێر باری قورسی ئەم ڕژێمەدا هەر ڕۆژە بەدەست بێکاری و بێگوزەرانیەوە ئەناڵێنن و دەزگاکانی سەرکوتی سیخوڕی و میلیشیایی «دەسەڵاتی ناسیونالیستی کوردی» نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکانیان سەرکوت ئەکات، بە دوای ڕێگە-دەرچوونیکی رادیکاڵەوەن لە کارەسات و کۆت و بەندەکانی ئەم ڕژێمە. ئەم جەماوەرە بەرینە بە ئەزموون و هۆشیاری سیاسی خۆیان بۆیان دەرکەوتوە کە ئەم ڕژێمە چاکسازی هەڵناگرێ و ئەبێ لا ببرێت و نەمینێ.
دەسەڵات و حزب و هێزەکانی و هەروەها ئۆپۆزسیونی بورژوازی دەرونی دەسەڵات هەمیشە لە هەوڵدا بوون کە ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشانی پرۆلیتاریای کوردستان بە هەزار و یەک شیوە دەرگیری پەرژو بڵاوی بکەن. یەکێک لە چەلێنجەکانی خەباتی ئەم چینە نەدارەی کوردستان جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی خۆیەتی لە ئاسۆ و سیاسەت و ستراتیژی ئەم ئۆپۆزسیۆنە بۆرژا ناسیۆنالیستە.
ئۆپۆزسیۆنی ناسیونالسیتی کوردی مەیدانی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستانیان بۆ چەندین ساڵە جەنجاڵ کردووە بە هاتوهاواری خۆیانەوە و بونەتە یەکێک لە ڕێگرە سەرەکیەکانی بەرەوپێشچوونی ڕیزی خەباتی سەربەخۆ و یەکگرتوی کرێکاران و کارمەندان و زەحمەتکێشان بۆ ئەنجامدانی گۆرانکاری شۆڕشگیرانە و ڕیشەیی لە ڕێگەی ڕوخاندنی ئەم ڕژێمەوە. ئەوە بوو خۆپێشاندانەکانی ٢٠١١یان بە لارێدا برد و کردیانە دەنگ کۆکردنەوەی کورسی پەرلەمان و وادەدانی چاکسازی درۆینە و بێتینکردنی وەزی شۆڕشگێرانەی جەماوەری ڕاپەریوو.
ئەو جۆرە چاکسازیە بۆرژوازیانە ئامانج لێیان بەجێهێنانی بەرژەوەندی ئەم بەشە ناوەنجی و بچووکانەی سەرمایەیە لە کوردستاندا تا کاروباریان بڕوات و ڕژیم چاکسازی بکات و بتوانی نوێنەرایەتی یەکسانی هەموو خاوەن پوڵ و پارەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهینان بێت. لەم نێوەدا گوایە کرێکاران و کارمەندان و بێکاران و نەداران لە سایەی کەسبوکاری ئەماندا و بە نەمانی دزی و تاڵانی حوکمی بنەماڵە ئەحەوێنەوە. ئەمە لە خۆڵکردنە چاو زیاتر هیچی تر نیە، و نەداران و خەڵکی زەحمەتکێش لە ژێر سایەی بورژوازی بچووک و ناوەندییدا زیاتر ئەچەوسێتەوە و ئەوە ئەزمونی تەواوی جیهانە. ئەم بەشە لە سەرمایە و نوێنەرە سیاسیەکانیان هیچ شتێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشاندا و بە پێچەوانەوە ئەمان ئەبنە سووتەمەنی هێنانەدی ئامانج و سیاسەت و ستراتیژەکانی ئەم بەشە لە چینی بۆرژوازی.
پیداگری لەسەر ستڕاتیژ و سیاسەتی گۆرانکاری ڕیشەیی وڕاماڵینی ڕژێمی بۆرژوا ناسیونالیست لە کوردستاندا پێش هەموو شتێک پێویستی بە سنووربەندی چینایەتیە لە بەرامبەر ئاسۆی ڕیفۆڕمخوازی بورژا ئۆپۆزسیۆنی ناسیونالیستی کوردستان، ئەمە جگە لە ڕیسواکردنی ناوەڕۆکی چینایەتی بۆرژوازیانەی ئیسلامیەکان و ڕۆڵ و نەخشی دوژمنکارانەیان لە بەرامبەر خەڵکی کرێکار و نەدار و زەحمەتکێشی کوردستاندا.
هەر بۆیە لە پەیوەند بە ڕێگە-دەرچوونی سیاسی لەم بنبەستەی کە کۆمەڵگای کوردستانی تێکەوتوە بە هۆی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم، لە خەتی گشتیدا دوو سیاست و دوو ستراتیژی سەر بە دوو چینی کۆمەڵایەتی لە ئارادیە. یەکەم سترتیژای سۆشیالیستی چینی کریکار، و دووهەم، ستراتیژی بورژوا ناسیونالی دەوڵەتگەرای بورژوازی.

## ستراتیژ ودروشمی ڕاپەرینی جەماوەری وگشتگیر لە کوردستان

خۆپێشاندان و نارەزایەتیەکان لە کوردستاندا هەردەم بەردەوام بووە بەڵام تا ئیستا نەبوەتە ڕاپەرین و خۆپێشاندانێکی جەماوەری لە سەرجەم کوردستاندا و نەبوەتە هەڕەشەیەکی جیدی بۆسەر دەسەڵات. ڕاپەرینی خەڵك ناتوانرێ پێشوەخت پێشبینی بکرێت و فاکتۆر زۆرن بۆ سەرهەڵدان و هەڵنەدانی بەڵام ئەوەی کە گرنگە لەڕوی عەمەلیەوە ئەوەیە کە هەر وەک چۆن لە ناوەراست و خوارووی عێراقدا دروشمی وەلانانی رژیم بۆتە ئەجندای ڕاپەرین، بە ڕای من، بە هەمان شیوە ئەتوانرێ وەلانانی شۆرشگیرانەی دەسەڵات ببێتە دروشمی ڕاپەرینی گشتگیر لە کوردستاندا.
ئاشکرایە کە پرۆسەی خەباتی سیاسی چینایەتی و پەرەسەندنی ناکۆکیەکان و هۆکارەکانی ئەو پرۆسەیە بە گوێرەی بەرنامە و ئەجندایەکی پێشوەخت دارێژراو ناچیتە پیش و کەسیش ناتوانی پێشبینی بکات، بەڵکو بە گوێرەی پرۆسەیەکی ماددی و مێژوویی ناو جەرگەی کۆمەڵگە لە جوڵەدایە و لە بەرەوپێشچوونی ناکۆکیەکانی پەیدا ئەبن و بەرەوپێش ئەچن. مارکس ئەڵی «کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ناچاری تەنها ئەو کێشانە ئەخاتە ئەستۆی خۆی کە بتوانی چارەسەریان بکات چونکە ....خودی کێشەکە تەنها کاتێک دێتە ئاراوە کە هەلومەرجە مادیەکانی چارەسەری پێشتر هەبن یا لە پرۆسەی دروستبووندابن»( پێشەکی بۆ ڕەخنەی ئابووری سیاسی). ئەگەر ڕوخاندنی دەسەڵات لە کوردستاندا بۆتە ناچاریەک دیارە ڕێگە چارەکەشی لە ئارادیە، بەڵام پەیوەستە بە پلەی چوونەپێشی هێزی ڕێکخراوی چینی کریکاری کوردستان و زەحمەتکێشان و گەنجانی کچ و کوڕی ئەم چینە چونکە ئەمانن کە بەرژەوەندیان هەیە لە فەراهەمهێنانی ئاڵگۆڕی ڕیشەیی و ئەمانن کە ئەتوانن ئەلتەرناتیڤی ئەم بارودۆخە بن. ئەو کیشمەکێشە سیاسی و چینایەتیەی کە لەباری میژوویەوە لە ١٩٩١ەوە هاتبوە سەر شانۆی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان و قۆناغێکی ڕێگوزەری پێکهینا بوو ئێستا بەچەندین قات زیاتر خۆی دوبارە ئەکاتەوە.
ڕیزی ملیۆنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەدارنی کوردستان هێزێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی زۆر بەهێزترە لە نەوەی ئازاری ١٩٩١ و ئەمرۆ تەکنەلۆجیای های تێک و کۆمۆنیکەیشن و کۆمپیوتەر و پیشەسازی گەورە هەیە کە ئەو کات یا هەر نەبوو یا لە ئاستێکی نزمدا بوو، ئەمڕۆ هەموو ئەمانە بەرهەمداری کاریان بە شێوەیکی زۆر بەرز بردۆتە پێشەوە و نەک هەر زەمینەی ماددی گۆڕانکاری سۆشیالیستانەی کۆمەڵگەیان پتەو تر کردووە بەڵکو هێزی چیانیەتی ئەم گۆرانکاریەشیان بە شیوەیەکی یەکجار زۆر بەهێز تر کردووە. گۆڕانکاری سیاسی شۆرشگیرانە و هەڵپێچانی ئەم ڕژێمەی لە ئارادایە لە ڕێگەی شۆڕشی کریکاران و چەوساوەکانەوە لەهەر کات زیاتر لەسەر بنەمایەکی کۆمەڵایەتی بەهێز ئەتوانی شکڵبگرێ و بڕواتە پێشەوە. ئەم فاکتۆرە ئۆبژیکتیڤانە زۆر زیاتر لە ١٩٩١ لە بەرژەوەندی چینی کریکار و بزوتنەوەی سۆشیالیستی گۆڕاوە و ئەوەی کە ماوە بەرەوپێشبردنی ئامادەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی و فیکری ئەم چینە و بزوتنەوەکەیەتی کە ئەمەش لە هەلومەرجی شۆرشیگرانەدا خۆی بە شیوەیەکی شۆرشگیرانە و خێرا ئەگۆڕێن.
ستراتیژی وەلانانی ڕژێم لە کوردستاندا هەروەک ناوەڕاست و خواروی عیراق هاتۆتە دەستوری کارەوە و خەسڵەتی کۆنکریتی ڕەوەندە سیاسیەکانی هەر یەکەیان لەم مەسەلەیە ناگۆڕیت و ئەوەشی کە کوردستان هەرێمە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە لە زەرورەت و ئیماکانیەتی ئەم ستراتیژە کەم ناکاتەوە. یەکانگیربونی ڕوباری ئەم دوو بزوتنەوە جەماوەریە و بەرەوپێشچوونی مارشی سەرکەوتن بەسەر ئەو هەموو ڕێگری و بەلاڕێبردنەدا کە بۆرژوازی دەیانخاتە بەردمیان زەرورەتێکی ڕەوەندە سیاسیەکانی ئەمرۆی ئەم دوو کۆمەڵگەیەیە.
لە هەموو ئەو پرۆسەیەی کە لە ئاکامی ئەم وەزعەی ئێستادا سەرهەڵئەدا لە کوردستاندا، ڕێکخستن و بەهێزکردنی ڕیزی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای کوردستان و سەربەخۆیی خۆی لە هەموو هێزەکانی بورژاوازی و بە بەردەوامی فەرزکردنی داواکاری و ئامانجە چینایەتیەکانی خۆی سەنگی مەحەکە تا بتوانێ قەیرانی ئەمرۆی کوردستان لە بەرژوەندی خەباتی سیاسی چینایەتی خۆی بشکێنێتەوە.
هەر پلەیەک لە بەرەوپێشچونی خەباتی سیاسی چیانیەتی کریکاری و سۆشیالیستی لە کوردستاندا پلەیەکە لە بەرەوپێشچونی ئەم بزوتنەوەیە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە کوردستاندا. هەر لێرەشەوەیە کە پرۆلیتاریای کوردستان بە ئاسۆ و پەرچەمی سۆشیالیستیەوە ڕێگە چارەی هەموو ئەو کێشە هەمەگیرە سیاسیانە بە ئاکام ئەگەیەنێ کە کۆمەڵگای داگرتووە، ئەویش بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی خەباتی سۆشیالیستی خۆی، لەوانەش چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی کورد.

**١٦ ئەیاری ٢٠٢٠**